# دەستووری کوردستان , دەبیٚ دەستووری بنیاتنانەوەی مرۆڤ و گیٚڕانەوەی سەروەریی بیٚبۆی

چیمەن ساڵح

مرو ٚڤ گەورەترین سەرمایەی جیهانەو هەر گەلو نەتەوەیەوە یەکیش بە بی ٚهەبوونی سەرمایەیەکی مرۆیی دەولەمەند بە فیکرو زانین و تیٚکۆشان و دلسو ٚزی و هەلوٚیست و چالاکی و گوڕو تین و کولتوری مرۆڤپەروەری و نیشتمانپەروەری ,ناتوانی هەنگاوی بەرەوپێشەوە چوونی خۆی دەست پێبکات , دوور نییە ئەوە بەشێك بووبی ٚ لە و هو کارانەی کە گەلێك جار مێژوو لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نەبووبی ٚ .وایکردبیٚ هێزەکان هەمیشە لە کاتی خۆیدا یەکنەگرنەوە .
بەبڕوای خۆم ئێمە پێویستیمان بە هەزاران لێکۆلینەوەی دەولەمەندو بە پێزە کە لێتۆژەرەوەی کارا لەم بوارەدا بیکەن , ئەگەر سوود لە شارەزایی بێگانەکانیش وەربگیری ٚ هیچ شەرمێکی تێدا نییە و بە بڕوای من تا ئێستا کارێکی ئەوتو ٚلەو بوارەدا نەکراوە , تا بە شێوەیە کی زانستی روون ببێتەوە و بابە تێکی ئەکادیمی بێلایە نی دەولەمەند بکەوێتە بەر دەستمان تیاییداخالە لاوازەکانی مرو ٚڤ لەکۆمەلگای ئێمەدا روون ببێتە وە و هۆکارەکان بە شێوەی زنجیرەی مێژوویی روون بکرێتەوە تا لە دوای راپە ڕینیشەوە دەستنیشان بکری ٚ , کە مرۆڤی کو رد چ کاریگەریەکی مێژووی رابردووی بە سەرەوەیە و لە ئێستاشدا چ ین ئەو هۆکارە یاریدەدەرانەی کە وای لێدەکەن , خەمسارد بیٚو کەمتر بە دووای دەولەمەند کردنی فیکری خۆیەوە بی ٚ , و زۆر کەم نارەزایی دەربڕی ٚ و کە توندو تیژی بەرامبەر بە کار هێنرا" بەهەمو شێوازەکانییەوە" کاردانەوەی وەك پێویست نەبی ٚ , زۆر کەم هەولبدا هەلە کان دەستنیشان بکات و زۆر کەم هەول بدات بە ویستی سەربەستانەی خۆی ئایندە دیاری بکات.
خراپترین شتێك کە ئێستا رووی لە کۆمەلگای ئێمە کردووە هەموو هەموو کارێك لە پێناوی بەرژەوەندیدا دەکرێت و زۆر کەم کاری پاك و بێلایەن لە بەرژەوەندی و بو ٚبەرژەوەندی گشتی دەکرێت ,لە بەر ئەوەی ز ۆرینە بەو ئاراستەیە دا دەڕوات کەمینە هیچی لە دەست نایە .
لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە خەلکێکی زۆر هەن بو ٚبەرژوەندییەکی کاتی , یاخود بو ٚخۆخۆشەویست کردن لای بەرپرسەکەیان یان بو ٚپاساودانەوەی کارێکی خۆیان یان هەر بە هەوەس ئامادەن چی درو ٚو بو ختان و قسەی هەلبەستراو هەیە لە سەر کەسێکی دیکە بیکەن .
لەبەر نەبوونی سیستەی دامودەزگایی لە دامو دەزگا فرەکاندا و نەبوونی دەزگاکانی زەمانەت و تاك بڕیاری و هەر سیستەمێکی دیکەی کە مافی تاك و مافی مرۆڤ دیاری دەکات , گەلێك هەن ناچار دەبن سەپاندنی توندو تیژی دەروونی قە بوول بکەن و لە ژی ٚر باریدا بمێننەوە و دیارە ئەوەش کاردانەوەی خۆی هەیە .

ئەو باسە زۆر دوورو درێژەو دەبی ٚ لە گەلێك گۆشەوە بیرو بو ٚچوونەوە تیشکی بخرێتە سەر و هیچ دیکە لەسایەی دەسەلاتی کوردی دا ئەو پرۆسە مێژووییەیسیاسییەی رووخاندنی مرو ٚڤی کورد بەردەوام نەبی ٚو قو ٚناغی داهاتووی دەسەلاتی کوردی ببی ٚبەسایەیەك بۆ تێکشکاندنی هەمووئەو پلانانەی دوژمنان دیانڕشتووە و مێژوویکی دوورو درێژیشە بەر دەوامە .
بنایاتنانی مرۆڤی سەربەرز و شارەزا بە مافەکانی ,پرسی گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان زۆر ئاسان دەکات, کۆمەلگایە ك سەرمایەی مرۆیی دەولەمەند بی ٚ بەو ئاکارو رەوشتانەی کە لە مرۆڤی راستەقینە دەوەشێنەوە و لە ژێر فشارێکی قورسی دەروونیدا نەبی ٚ , ناشی ٚ ئەو کۆمەلگایە چەوساوە بی ٚ , ئەوە دەبیٚ بە شتێکی بەلگە نەویست .

هەر لە پێناوی ئەم ئامانجە بەرزو گەورەیە دا دەبیٚدارِشتنی دەستووری کوردستان لە رووی بنیاتنانەوە ی مرۆڤەوە , دەبی ٚزۆر هوشیارانە دێرِەکانی بنووسێتەوە و , دەبیٚدەستوورێك بیٚ , بەر لە هەمووشتێك مروٚڤ لە هەمو شێوازێکی توندو تیژی ئازاد بکات هەر لەوکاتەوە مرۆڤ لەمندالّدانی دایکیدایە تا سیستەمی گرنگ و هەستیاری پەروەردەو ئنجا لە هەموو دامو دەزگاو کارو فەرمان و تا بە سالاٚچوون , نابیٚمرۆڤی کورد لە ژێر باری هیچ توندو تیژییەکدا بمێنێتەوە . دەبیٚژیانی خەلّك و کارو فەرمانی خەلّك لە سایەی سیستەمی دامودەزگادا رێك بخریٚ و لە چوار چێوەی ویست و ئارەزووی تاکە کەس و برِیاری جەنگەلّ دەربهێنریٚ و مروٚڤ بە تەواوی مافە کانی ئاشنا بیٚ , دەبیٚ مرۆ ڤ تەوەری سەرەکی بایەخو رەچاو کردن بیٚ و لەسایەی دەستوردا مرۆڤی کورد سەروەری خۆی بۆبگەرِێتەوە .